# سازمانی ئینقلابی و ڕەوتی چەپی نوێ لە باشوری کوردستان (١٩٦٨- ١٩٧٠)

اسماعیل عبدالرحمن سعید [1]

[2] بەشی مێژوو، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

جیهان لە دەیەی شەستی سەدەی ڕابردوودا شاهیدی دەیان بزووتنەوە و ڕاپەڕین بوو، کە هەڵگری تایبەتمەندیی ڕزگاریخوازی لەدژی کۆلۆنیالیزم، ئازادیخوازانە لە بەرامبەر دیکتاتۆری و پاوانخوازی و یەکسانیخوازی لە دژی سیستەمی سەرمایەداری و دەرهاویشتەکانی بوون. ئەمەش وای کردبوو کە گوتاری شۆڕشگێڕی و ڕادیکاڵیزم بەسەر کەشوهەوای سیاسیی زۆر لە وڵاتاندا زاڵ بێ، بۆ وێنە لە وڵاتانی داگیرکراوی جیهانی سێهەمدا، کە بۆ سەربەخۆیی لە خەباتێکی توندوتیژدا بوون و لە هەندێک وڵاتی ڕۆژئاواش تێکۆشان بۆ پەرەسەندنی پتری دێموکراسی و ئازادیی فرەڕەهەند لە ئارادا بوو. لەو کەشوهەوا سیاسییەدا، گەنجە ڕادیکاڵەکانی حیزبی توودەی ئێران لە ئەورووپا لەژێر کاریگەریی کەرتبوونی کامپی سۆسیالیستی و ناڕازی لە سیاسەتی پرۆسۆڤییەتی و ناکاریگەربوونی ڕێبەرانی ئەم حیزبە، ڕیزی خۆیان لەم حیزبە جیاکردەوە و ڕێکخراوێکیان بەناوی "سازمانی ئینقلابیی حیزبی توودەی ئێران" دامەزراند. کادیر و ڕێبەرانی سازمانی ئینقلابی، بە ئاگاداربوون لە بەرپابوونی ڕاپەڕینی چەکدارانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەساڵەکانی ١٩٦٧- ١٩٦٨، بەهۆی کۆمیتەی ئینقلابیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ئەورووپاوە دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان، تا لەم ڕاپەڕینەدا بەشدار بن. بە تێکشکانی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کادیرەکانی سازمانی ئینقلابی ناچار دەبن لە باشووری کوردستان جێگیر بن. بە جێگیربوونی کادیرانی سازمانی ئینقلابی لە باشووری کوردستان پەیوەندییەکی پتەوی فکری و دۆستانە لەنێوان ئەوان و لایەنگرانی باڵی چەپی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات کوردستان و ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکانی سلێمانی و بەغدا، پێک دێت. شارەزایی و ئەزموونی کادیرانی سازمانی ئینقلابی لە چەمک و تیۆرییەکانی مارکسی-لینینی و بیری ماوتسی‌تۆنگ، شوێنەواری قووڵ لەسەر شێوازی بیرکردنەوەی ئەو گەنج و خوێندکارانە دادەنێت، کە سۆزیان بۆ بیری چەپ هەیە و لە دەوری ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکان کۆ بوونەتەوە. کاریگەریی فکریی سازمانی ئینقلابی و کەرتبوونی کامپی سۆسیالیستی، دەبێتە هۆی لەدایکبوونی ڕەوتێکی چەپی نوێ[1] لە باشووری کوردستان، کە دواجار ڕێکخراوێکی مارکسی-لینینی بیری ماوتسی‌تۆنگی لێکەوتەوە.

**وشە سەرەکییەکان:** چەپی نوێ، سازمانی ئینقلابی،کۆمەڵەی مارکسی-لێنینی، ماویزم، ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکان.

## ١. پێشەکی

جیهان لە دەیەی شەستی سەدەی ڕابردوودا شاهیدی دەیان بزووتنەوە و ڕاپەڕین بوو، کە هەڵگری تایبەتمەندیی ڕزگاریخوازی لەدژی کۆلۆنیالیزم، ئازادیخوازانە لە بەرامبەر دیکتاتۆری و پاوانخوازی و یەکسانیخوازی لە دژی سیستەمی سەرمایەداری و دەرهاویشتەکانی بوون. لێکەوتەی ئەم بارودۆخە زاڵبوونی ڕۆح و گوتاری شۆڕشگێڕانە و ڕادیکاڵیزم بوو، بەتایبەتی لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین، ئاسیا و ئەفریقا. شێوازی خەباتی چەکدارانە و سیما بەناوبانگەکانی وەک ماوتسی‌تۆنگ، کاسترۆ، گیڤارا و جیاب و ... بوون بە نموونەی باڵای خوێندکار و گەنجە ڕادیکاڵەکان.

کەرتبوونی کەمپی سۆسیالیستی لە سەرەتای ئەم دەیە (١٩٦٠) بەسەر دوو جەمسەری یەکێتیی سۆڤییەتی و چین بوو بەهۆی ئەوە، کە زۆربەی حیزبە کۆمۆنیستەکانی جیهان تووشی دابڕان بن و لایەنگرانی بیروبۆچوونی ماوتسی‌تۆنگ ڕیزی خۆیان لە حیزبەکانی پرۆسۆڤییەتی جیا بکەنەوە. ئەم دیاردەیەش بە لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندیی توندئاژۆیانە و شۆڕشگێڕانەی بۆچوونەکانی ماوتسی‌تۆنگ ئەوەندی دیکە یارمەتیی بە ڕادیکاڵیزەبوونی دۆخی سیاسیی ئەو قۆناغە کرد.

لەو کەشوهەوا سیاسییەدایە، کە کۆمەڵێک گەنجی خوێندکاری ئێرانی لە ئەورووپا و ناڕازی لە ڕێبەریی حیزبی توودەی ئێران و بە لایەنگری لە چین و فکری ماوتسی‌تۆنگ ڕیزی ئەم حیزبەیان جێهێشت و لەژێر ناوی "سازمانی ئینقلابیی حیزبی توودەی ئێران" چالاکیی سیاسیی خۆیان ڕاگەیاند.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٥، ژمارە ٢ (٢٠٢٢)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٨ تەمووز ٢٠٢٢؛ پەسەندکردن: ١١ تشرینی دووەم ٢٠٢٢
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٩ حوزەیران ٢٠٢٣ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: ismael.abdalrahman@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٢ اسماعیل عبدالرحمن سعید ، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v5n2y2022.pp90-99

سازمانی ئینقلابی بۆ پراکتیزەکردنی ئامانجە سیاسییەکانی، دەگەڕێتەوە کوردستان، تا پەیوەست بن بە راپەڕینی چەکدارانەی رۆژهەڵاتی کوردستان (١٩٦٧- ١٩٦٨)، کە بەهۆی کۆمیتەی ئینقلابیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەرپا ببوو. تێکشکانی راپەڕینی چەکدارانەی رۆژهەڵاتی کوردستان، بوو بەهۆی گیرسانەوە و جێگیربوونی کادیرەکانی سازمانی ئینقلابی لە باشووری کوردستان.

گرینگیی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، کە وەچەی شەستی سەدەی رابردوو لە کوردستان بەتایبەت توێژی گەنج و خوێندکار بەدوور نەبووە لە کاریگەریی ئەو کەشوهەوا سیاسییەی کە لە جیهاندا وە بەتایبەتی لە جیهانی سێیەمدا باو بووە، کە بریتییە لە گوتاری شۆڕشگێڕی و رادیکاڵیزم و هەروەها ناسیاویی هەبووە لەسەر ئەو رەوتە فکری و ئایدۆلۆژییانەی، کە تازەباو بوون و لە جیهاندا لە ئارادا بوون (چەپی نوێ).

ئامانجی ئەم توێژینەوە تیشک خستنەسەر چۆنیەتیی گیرسانەوە و جێگیربوونی سازمانی ئینقلابی وەک رێکخراوێکی ئێرانیی چەپی رادیکاڵی لایەنگری بیری ماوتسیتۆنگ لە ئەورووپاوە بۆ باشووری کوردستان و پەیوەندی کردنیان بە هێزە سیاسییەکانی کوردەوەیە، هەروەها باس لە کارتێکەریی ئەو رێکخراوە لەسەر دروستبوونی رەوتێکی چەپی نوێ ، لە باشووری کوردستان دەکات، بەتایبەتی لەنێو ئەو گەنجانەی کە مەیلی چەپی ماویزمیان هەبوو، کە دواجار بوو بە پرۆژەی بونیادنانی رێکخراوێکی مارکسی-لینینی، بیری ماویزم، کە مۆرک و نیشانی خۆی لەسەر رووداوە سیاسییەکانی ئەم بەشەی کوردستان لە چارەگی کۆتاییی سەدەی رابردوو دانا. بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە رێبازی لێکۆڵینەوە مێژووییە زانستییەکان لەسەر بنەمای پشکنین و هەڵێنجان کەڵک وەرگیراوە، تا لێکۆڵینەوەکە لە ئامانجی خۆی نزیک بێتەوە.

ئاستەنگی بەردەم ئەم توێژینەوەیە دەستوێڕانەگەیشتن بە ئەرشیفی سازمانی ئینقلابی بوو، چونکی رێکخراوەکە چەندین ساڵە لەبەریەک هەڵوەشاوە، وە هەروەها گرفتێکی تر لە ژیاندا نەمانی کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەو رێکخراوە و بەشێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی مارکسی-لینینی، بیری ماویزم بۆ هێنانە گۆڕێ پرسیارگەلێک لەتەکیان، کە تیشک بخەنە سەر چەند لایەنی ئەم توێژینەوەیە.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە. لە بەشی یەکەم، کە بەسەر دوو تەوەردا دابەشبووە، باس لە گوتاری شۆڕشگێڕی و رادیکاڵیزم دەکرێ، کە لە دەیەی شەستی سەدەی رابردوو بەسەر کەشوهەوای سیاسیی زۆر لە وڵاتاندا زاڵە، بەتایبەتی وڵاتانی جیهانی سێیەم، کە لە خەباتی توندوتیژدان بۆ سەربەخۆیی و لە رۆژئاواش بۆ پەرەسەندی دیموکراسیی پتر و ئازادیی فرەڕەهەند. لە تەوەری دووهەمدا ئاوڕ لە راپەڕینی چەکدارانەی (١٩٦٧- ١٩٦٨)ی رۆژهەڵاتی کوردستان دراوەتەوە، کە بەهۆی کۆمیتەی ئینقلابیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەدژی رژێمی محەممەدرەزا شای پەهلەوی بۆ ماوەی ١٨ مانگ لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە چوو.

بەشی دووهەم بە ناونیشانی "سازمانی ئینقلابی و کوردستان" لە سێ تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم تەرخان کراوە بۆ چۆنیەتیی دروستبوونی سازمانی ئینقلابیی حیزبی توودە لە ئەورووپا، بەهۆی کۆمەڵێک گەنجی رادیکاڵی ناڕازی لە ناکاریگەربوونیان لە رێبەریی ئەم حیزبە. لە تەوەری دووهەمدا چۆنیەتیی هاتنی کادیرەکانی سازمانی ئینقلابی لە ئەورووپا و جێگیربوونیان لە کوردستان ئاماژەی پێدەکرێ. تەوەری سێیەم تیشکی خستووەتە سەر پێوەندیی سازمانی ئینقلابی بە ئەڵقە رۆشنبیرییەکانی سلێمانی و بەغدا، کە لە کۆمەڵێک گەنجی خوێندەوار، کە سۆزیان بۆ بیری چەپ هەبووە و لەم چوارچێوەشدا دەرکردنی گۆڤاری رزگاری لە سلێمانی، کە مینبەرێک بوو بۆ بڵاوکردنەوەی بیری چەپ و فکری ماوتسیتۆنگ.

ئەم توێژینەوەیە لە چەندین سەرچاوەی بەسوود، کەڵکی وەرگرتووە، بەتایبەتی ئەو سەرچاوانەی، کە نووسەرەکان خۆیان ئەکتەرێکی دیاری ئەم رووداوانە بوون. بۆ وێنە: هەر چوار کتێبی حەمید شەوکەت، کە نووسەر لەگەڵ چوار کەس لە رێبەرانی سازمانی ئینقلابی بە شێوەی گێڕانەوەی زارەکی ئامادەی کردووە. ئەم چوار کتێبە بریتین لە: "نگاهی از درون به جنبش چپ ایران (گفتگو با کوروش لاشایی)"، "نگاهی از درون به جنبش چپ ایران (گفتگو با ایرج کشکولی)"، "نگاهی از درون به جنبش چپ ایران (گفتگو با محسن رضوانی)"، "نگاهی از درون به جنبش چپ ایران (گفتگو با مهدی خانباباتهرانی)". لەنێو ئەو چوار کتێبە، بەتایبەت کتێبەکانی کوروش لاشایی و ئیرەج، کەشکۆلی، کە خۆیان هاتبوونە کوردستان و تێکەڵ بە رووداوەکان بوون، سوودی زۆریان بە توێژینەوەکە گەیاندووە.

کتێبی "سازمانی ئینقلابی و کوردستان" لە نووسینی حەسەنی قازی، کتێبێکی بەنرخ و پڕ لە زانیارییە سەبارەت بە تێکۆشانی سازمانی ئینقلابی لە کوردستان. قازی تا ئەو جێگەیەی دەستی پێڕاگەیشتووە نووسراوەکانی سەبارەت بەم مژارەی لەو کتێبەدا کۆکردووەتەوە و بەوەندەش رانەوەستاوە و لەگەڵ ئەو، کەسانەی دوور و نزیک پێوەندییان بە بابەتەکەوە هەبووە و لە ژیاندا ماون، جا چ کورد و چ ئێرانی، وتووێژی کردووە. هەروەها کتێبی "دیداری تەمەن"، کە وتووێژ لەگەڵ جەلال تاڵەبانییە و سەلاح رەشید ئامادەی کردووە و بە شێوازی گێڕانەوەی زارەکییە. تاڵەبانی بەو هۆیەوە کە یارمەتیدەری سەرەکی بووە بۆ هاتن و جێگیربوونی سازمانی ئینقلابی لە ئەورووپاوە بۆ کوردستان و پتر لە هەمووان لەو ساڵانەدا لەگەڵیان لە پەیوەندیدا بووە، ئەو زانیارییانەی لەم کتێبەدا سەبارەت بە سازمانی ئینقلابی خستوونیەڕوو گرنگی و نرخی خۆیان هەیە.

یاداشتەکانی نەوشیروان مستەفا "لە، کەناری دانووبەوە بۆ خڕی ناوەزەنگ" و "هەڵۆ سوورەکانی قەندیل"ی فەرەیدوون عەبدولقادر و "لەبەر تریفەی مانگ خەونەکانی نیشتمانمان دەچنی"ی نەرمین عوسمان، بەهۆی ئەوەی نووسەرەکانی بە جۆرێک لە جۆرەکان لەگەڵ کادیرەکانی سازمانی ئینقلابی لە کوردستان و بەغدا لە پەیوەندیدا بوون و خۆیان ئەندامی ئەڵقە رۆشنبیرییەکانی سلێمانی و بەغدا بوون، یاداشتەکانیان بۆ توێژینەوەکە یارمەتیدەر بوون .

لە کۆتاییدا دەبێ ئاماژە بە دوو سەرچاوەی تریش بکەین، کە سوودیان بەم توێژینەوەیە گەیاندووە، بە پلەی یەکەم هەر پازدە ژمارەی گۆڤاری "رزگاری"، کە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٩ – ١٩٧٠ لە شاری سلێمانی دەرچووە و لەو ماوەیەدا وەک مینبەرێک بووە بۆ بیری چەپ و بیری ماوتسیتۆنگ و جێ پەنجەی کادیرەکانی سازمانی ئینقلابی و بیری ئەوان تێیدا رەنگی داوەتەوە. هەروەها "ستارە سرخ" ئۆرگانی تیۆری-سیاسیی سازمانی ئینقلابیی حیزبی توودە، کە بڵاوکەرەوەی بیری ئەو رێکخراوە بووە و لە ئەورووپا دەردەچوو.

## ٢. خەبات لە پێناو رزگاریی نەتەوەیی، دیموکراسیی فراوانتر، ئازادیی فرەڕەهەند

### ١.٢ شۆڕشگێڕی و رادیکاڵیزم، گوتاری زاڵ لە جیهانی سێیەم (١٩٦٠)

جیهان لە هەلومەرجێکدا پێی نابووە دەیەی شەستەکان، کە چەند ڕوداوی گەورە لە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی ڕویان دابو. چین لە ساڵی ١٩٤٩دا شۆڕشەکەی بە ڕابەرایەتیی حیزبی کۆمۆنیست و لە ڕێگەی خەباتی چەکدارانەی درێژخایەن سەرکەوت (عەبدوڵا، ٢٠١٠، ١٦-١٧). ڤێتنامییەکان لە شەڕی "دیانبیانفۆ" لە ساڵی ١٩٥٤ سوپای داگیرکەری فەرەنسایان تێکشکاند (ماتیل، ١٣٨٣: ٩٥٥). لە ئەمریکای لاتین لە کوبا لە پەنا ئەمریکا شۆڕشی چەکداری بە ڕێبەریی فیدل کاسترۆ لە ساڵی ١٩٥٩ سەرکەوت (فونتن، ١٣٦٦: ٤٦٠-٤٦٢). بەم پاشخانەوە، جیهان پێی نایە دەیەی شەست، ئەو دەیە تۆفانییەی، کە بەوتەی "ئەریک هابزباوم"ی مێژونوس و مامۆستای زانکۆ لە ئەمریکا و بەریتانیا: "شەپۆلێک لە شۆڕش و ڕاپەڕین سەرتاسەری سێ کیشوەر یا بەشێکی بەرچاوی گرتبووەوە." (هابسبام، ١٣٨٠: ٥٧١). لەدوای جەنگی دووهەمی جیهانی و لە ئاکامی سەرکەوتنی جوڵانەوە ڕزگاریخوازەکان و شکانی مێژویی کۆلۆنیالیزم، دەیان وڵات بە وەدەرنانی داگیرکەران بە سەربەخۆیی گەیشتن. لوتکەی ئەم سەرکەوتنانە دەیەی شەست بو. "قەوام نکرۆمە" لە غەنا، "ئەحمەد سیکۆتۆرە" لە گینە، "پاتریس لۆمۆمبا" لە کۆنگۆ، "جەمال عەبدولناسر" لە میسر و "جەمیلە بووحیرە" لە ئەلجەزایر، سیما ناسراوەکانی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی لای خەباتگێرانی جیهانی سێهەم بون. (لیندرۆزینبێرگ، ٢٠٠٩: ٣٢٩- ٣٧١؛ بازیار، ١٣٨٦: ٦٤-٦٥).

ئەوەی کە نەیارانی شۆڕش و شۆڕشگێڕانی سەرسام کردبو، شێوەی سەرەکیی خەباتی شۆڕشگێڕی لە جیهانی سێهەم بو، واتە شەڕی چریکی و پارتیزانی لەم سەر تا ئەوسەری جیهان. وردبونەوە لە ئاماری خەباتی چەکدارانە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە لە چوار کیشوەری جیهان لە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی بە سەرکەوتو، بەردەوام و ناسەرکەوتو بەمشێوەیە تۆمار کراوە: ئاسیا ٤٨، ئەفریقا ٥٢، ئەمریکای باشور ١٢، ئەمریکای ناوەڕاست ١٨، سەرجەم ١٢٠ (مەلا بەختیار، ١٩٩٣: ٢٨٤). لە ڕاستیدا ساڵەکانی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی دەکرێت وەک لوتکەی شەڕەکانی پارتیزانی، بەتایبەتی لە ئەمریکای لاتین، ئەفریقا و ئاسیا بێنە ئەژمار، کە هەندێک لە بەناوبانگترینیان بریتین لە: کوبا (١٩٥٦-١٩٥٩)، نیکاراگوای (١٩٥٩، ١٩٧٨- ١٩٧٩) لە ئەمریکای لاتین. کێنیا (جوڵانەوەی ماوماو ١٩٥٢- ١٩٥٦)، جەزائیر (١٩٥٤- ١٩٦٢)، ئەنگۆلا (١٩٥٧- ١٩٦٠ و ١٩٧٥) لە ئەفریقا و ڤێتنام (١٩٤٦- ١٩٥٤ و ١٩٥٧- ١٩٦٠ و ١٩٧٥)، لاوس (١٩٦٥- ١٩٧٥)، کەمبۆد (١٩٦٥- ١٩٧٥) لە ئاسیا و هەروەها فەلەستین (١٩٦٥ تا ئێستا)، باشوری کوردستان (١٩٦١- ١٩٧٥ و ١٩٧٦- ١٩٩١)، ڕۆژهەڵاتی کوردستان (١٩٨٠- ١٩٩٦)، باکوری کوردستان (١٩٨٤ تا ئێستا) (بدل، ١٣٥٩: ٤- ٥).

ماوتسیتۆنگ، کاسترۆ و گیڤارای و ماڵبەکۆڵ و ڕێژە دێرێی بەرەچەڵەک فەرەنسی، سیما ناسراوەکان و ڕێبەرانی تیۆریکی ئەم ڕەوتە بون. هەرچەندە کۆمۆنیستەکانی ڤێتنام سەرکەوتوترین و بەشکۆترین بەڕێوەبەرانی شەڕی پارتیزانی بون و لەڕوی نێونەتەوەییەوە بەهۆی تێکشکانی فەرەنسە و ئەمریکای بەهێز، ستایش دەکران و ببون بە نمونەی چاولێکراوی خوێندکار و گەنجە ڕادیکاڵەکان (هابسبام، ١٣٨٠: ٥٦٣). شایانی باسە ئەو ڕۆح و گوتارە شۆڕشگێڕی و ڕادیکاڵیزمە، هەر تایبەت بە جیهانی سێهەم نەبو و بەشێک لە وڵاتانی ڕۆژئاواشی گرتەوە. لە ئەمریکا جوڵانەوەی مافی مەدەنیی ڕەشپێستەکان[2] و بزاڤی ژنانی ئەمریکایی بۆ یەکسانی و ئازادی (فیمینیزم)، بە ئیلهام وەرگرتن لە بزوتنەوەی مافە مەدەنییەکانی دەیەی ١٩٥٠، شەڕە ڕزگاریخوازە خۆجێییەکان لە ئاستی جیهانی لە ١٩٦٠دا و بزاڤی دژی شەڕی ڤێتنام، بەتایبەتی لە ئەمریکا و ئەوروپا (لیندرۆزێنبێرگ، ٢٠٠٩: ١٧٦)، ڕاپەڕینی خوێندکارانی فەرەنسی لە ساڵی ١٩٦٨، کە ئەم وڵاتەی هەژاند و چەندین شاری دیکەی ئەوروپای گرتەوە و لەگەڵ خۆی زۆر نۆرم و بایەخی نوێی هێنان و چەندین بزوتنەوەی دیکە لە دەیەی شەستدا، کە سیستەمی سەرمایەدارییان کردبووە ئامانج، فۆرمیان گرت (بڕوانە: ترابیشی، ٢٠١٠). هەر لەو ساڵەدا (١٩٦٨) دیموکراسیخوازانی چێکسلۆڤاکیا، ڕەوتی چاکسازی بۆ گەیشتن بە "سۆسیالیزمێک بە سیمای مرۆڤانە"یان، بە ڕێبەریی سەرۆکوەزیران "دوبچێک" دەست پێکرد، کە لەلایەن "پەیمانی وارشۆ"وە بە دەستێوەردانی سەربازی سەرکوت کرا (غفاریفرد، ١٣٩٠: ٦٢٣-٦٢٥).

## ٢.٢ ڕاپەڕینی چەکدارانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (١٩٦٧- ١٩٦٨)

گوتاری شۆڕشگێڕی و ڕادیکاڵیزمی دەیەی شەست و بەتایبەت خەباتی گەلانی ژێردەستەی کۆلۆنیالیزم، نە تەنیا کارتێکەریی لەسەر بەشێک لە تێکۆشەرانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانابو، بەتایبەت ئەو گەنجانەی کە سۆزیان بۆ بیری چەپ و مارکسیزم هەبو، بەڵکو وەک ئۆلگو و نمونە سەیری شێوازی خەباتی نەتەوە ڕزگارکراوەکانیان دەکرد. ڕەنگدانەوەی ئەم شوێنەوارە لە نامەیەکی "سولەیمان موعینی"، کە دواتر بو بە ڕێبەری ڕاپەڕینی چەکدارانە لەو بەشە لە کوردستان، بەڕونی دەردەکەوێت، کاتێک دەنوسێت: "چاوگێڕانێک بەسەر ڕابردوی گەلانی دیل و ژێرچەپۆکە و تێبینی و بیرکردنەوە لەسەر جوڵانەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتین بۆ قەڵاچۆکردنی خێرای ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی، ئێمە بەسەر ئەو ڕاستییەدا دەخا، کە خەباتمان سەرکەوتنی تێدایە" (حیسامی، ١٩٩٠: ٤٦). لەم کەشوهەوا سیاسییەدا کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستان، کە لە باشوری کوردستان نیشتەجێبون، دەکەونە بیری جێگرەوەیەك بۆ ئەوەی بتوانن بە گرتنەبەری شێوازێکی نوێ لە خەبات و بە کۆکردنەوەی کادیرەکانی دیکەی ئەو حیزبە، ڕۆحێکی دی وەبەر جەستەی سڕبوی حیزبی دیموکراتی کوردستان بێننەوە. بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆژی ١٤ی ئەیلوولی ١٩٦٦ لە گوندی "ئالانێ"ی ناوچەی باڵەکایەتی، "کۆمیتەی ئینقلابیی حیزبی دیموکراتی کوردستان"- یان پێکهێنا. دامەزرێنەرانی کۆمیتەی ئینقلابی بریتی بون لە: سمایل شەریفزادە، محەممەدئەمین سیراجی، سالار حەیدەری، مەلا ئاوارە، سەعید کوێستانی، سەنار مامەدی و مەلا عەبدوڵڵا سەرباز (کاوە، ١٩٩٦: ١٥٩). دامەزرێنەرانی کۆمیتەی ئینقلابی جموجۆڵێکی فکری و ڕێکخراوەیی ڕێکوپێکیان دەست پێکرد و لەگەڵ ئەوەی ئیمکاناتێکی یەکجار کەمیان لە بەردەستدا بو، بەڵام توانیان لەنێو قەوارەی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا شوێنێک بۆ خۆیان بکەنەوە، بۆ ئەوەی بیر و باوەڕی خۆیان بڵاو بکەنەوە، بڵاوکراوەی "تیشک"یان دەرکرد. کۆمیتەی ئینقلابی دواتر پەرەی گرت و دوای تەقینەوەی ناکۆکی لەنێو ڕێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووهەمدا، چەند کەس لە ئەندامانی ڕێبەرایەتییشیان چونە پاڵ، لەوانە سولەیمان موعینی (حەسەنزادە، ١٩٩٧: ٤٤ و٤٥).

زۆربەی ڕێبەرانی کۆمیتەی ئینقلابیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەر بە باڵی چەپی ئەو حیزبە بون و لە هێڵە فکرییە جۆراوجۆرەکانی چەپ، لەژێر کاریگەریی بیری "ماوتسیتۆنگ"دا بون. یاسین سەردەشتی لەم بارەیەوە دەڵێت: "سولەیمانی موعینی، کە لەدوای کوژران و پەرشوبڵاویی سیما ناسراوەکانی ڕێبەریی حیزبی

دیموکرات بە تەنیا مابۆوە، ئەویش خۆی بەلای چەپ و مارکسییەکاندا ساغکردەوە و بەتوندی بانگەشەی بۆ جەنگی پارتیزانی و هەڵگیرسانی شۆڕشی چەکدارانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەدژی ڕژێمی شاهەنشاهی دەکرد و بۆ ئەم مەبەستەش چەند ژمارەیەکی لە گۆڤاری "ڕۆژ" بەناوی لقی سێی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڵاوکردەوە، کە تێیدا لایەنگریی لە ڕێبازی ماویزم دەکرد و دژی سۆڤییەت بابەتی بڵاودەکردەوە و بانگەشەی بۆ هەڵگیرسانی شۆڕشی چەکدارانە بە پشت بەستن بە ئۆردوی جوتیار و زەحمەتکێشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرد" (سەردەشتی، ٢٠٠٢: ٤٤- ٤٥).

هەمدیسان ڕەنگدانەوەی ئەو هێڵە فکرییە (ماویزم)، لە نامەیەکی سمایلی شەریفزادە لە ڕێبەرانی کۆمیتەی ئینقلابی دەبیندرێت، کە تێیدا، بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزمونی شۆڕشی چین، کە پشتی بە گوندەکان و چینی جوتیار و شەڕی درێژخایەن دەبەست، هەمان نمونە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەچاو دەکات: "ئەمڕۆ تۆفانێکی بەتەوژمی شۆڕشگێڕانە سەرانسەری وڵاتەکەمانی داگرتووە، کۆمەڵانی خەڵک هاتونەتە سەر ئەوەی کە تەنیا ڕێگای ڕزگاری دەست دانە چەک و وەشاخی کەوتنە، ئەمڕۆکە ڕێگەی ڕزگاریی هەمو نەتەوەیەکی ژێردەست و چەوساوە هەر ڕێگەی ڕاپەڕینی کۆمەڵانی زەحمەتکێشە، واتە شەڕی پارتیزانی کە دەبێت لەپێشدا لە دێهاتەوە دەست پێبکرێت و کۆمەڵانی هەراوی جوتیارە تێکۆشەرەکان هان بدا بۆ خەباتی چەکدارانە" (حیسامی، ١٩٩٠: ١٠٣).

کۆمیتەی ئینقلابیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کە سەرجەم نزیک بە سەد کەس دەبون، لە دو دەستەدا بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەرپاکردنی شۆڕشێکی چەکداری بەڕێدەکەون و دەستەی یەکەم لە کۆتایی مانگی مارسی ١٩٦٧ و دەستەی دوهەم کانونی یەکەمی ١٩٦٨ ئاودیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بون (کۆچرا، ١٣٧٣: ٤٢٩). ڕاپەڕینی چەکدارانەی ١٩٦٧- ١٩٦٨ی کۆمیتەی ئینقلابیی حیزبی دیموکراتی کوردستان پاش ئەوەی ١٨ مانگ بەرامبەر بە هێرشی بەربڵاو و هەمەلایەنەی ئەرتەشی شاهەنشاهیی ئێران خۆی ڕادەگرێت، دواجار بە کوژرانی زۆربەی ڕێبەرانی کۆتایی پێدێت (بازیار، ٢٠٢٠: ٢٥٤). ئەو ڕاپەڕینە لە مێژوی هاوچەرخی ئێران و کوردستاندا وەک ڕوداوێکی مێژویی تۆمارکراوە و بە گرینگترین بەشی مێژوی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە نێوان ساڵەکانی پاش ڕوخانی کۆماری کوردستان (١٩٤٦) و سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران (١٩٧٩) دادەنرێت.

## ٣. سازمانی ئینقلابی و کوردستان

### ١.٣ پێکهاتنی سازمانی ئینقلابیی حیزبی تودەی ئێران

حیزبی تودە بە دوای ئەو تێکشکانەی، کە لەدوای کودەتای ساڵی ١٩٥٣ توشی هات، تا سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩، نەیتوانی پشتی ڕاستکاتەوە. زۆربەی نزیک بە تەواوی ڕێبەریی ئەو حیزبە تا ساڵی ١٩٥٧ ئێرانیان جێهێشت و لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات گیرسانەوە و تا سەرکەوتنی شۆڕش نەیانتوانی بگەڕێنەوە. لەو ساڵانەدا ئەو حیزبە زۆرتر وەک حیزبێکی تاراوگەنشین دەچو و "ئێحسانی تەبەری" خاوەن بیردۆزی ئەو حیزبە گوتەنی: "شوێنەوارێکی ئەوتۆی لە کۆمەڵگەدا نەما" (طبری، ١٣٦٦: ١٦٣). ئەم دۆخەی حیزبی تودە بووە هۆی ناڕەزایەتی ئەندامە گەنجەکانی، کە لە ئەوروپا نیشتەجێبون. "مەهدی خانبابا تێهرانی"، کە سیاسییەکی ناسراوە و چالاکی ئەو وەچەیە بو، لەم بارەیەوە دەڵێت: "تێپەڕبونی زەمەن، ئەکتیڤ نەبون و پەککەوتەیی حیزبی تودە لەگەڵ حەزی خەبات و پێویستیی چالاکیی جددی، منی وردە وردە لە حیزبی تودە دورخستەوە. ئەو دۆخە هاوکات بو لەگەڵ سەردەمێک، کە جوڵانەوەی ڕادیکاڵی لاوان لە وڵاتانی ئەوروپی دەستی پێکردبو و جوڵانەوە ڕزگاریخوازەکان لە سەرانسەری جیهان پەرەی سەندبو. لە درێژەی ئەم ڕادیکاڵیزمە لە حیزبی تودە جیا بومەوە، ڕەخنەی من و زۆرێک لە لاوە چەپەکان لە حیزبی تودە ئەوە بو، کە لە ئاوارەییدا دارزاوە و لەپشت دیواری بەرلین جێی خۆش کردووە" (شوکت، ١٣٦٨: ١١٩). لە ڕاستی‌دا بنەمای ناکۆکیی نێوان گەنجە ڕادیکاڵەکان، لەگەڵ ڕێبەرانی کۆنسێرڤاتیڤی حیزبی تودە لەسەر شێوازی خەباتی چەکدارانە و شۆڕش لە ڕێگەی توندوتیژییەوە بو. "کوروش لاشایی"، کە یەکێک لەو گەنجە چالاکانە بو، لەم بارەیەوە دەڵێت: "پەرەسەندنی خەباتی چەکدارانە لە ڤیتنام لەدژی ئەمریکا بۆ لاوەکان زۆر سەرنجڕاکێش بو و بەو ویکچونانەی، کە لە نێوان ئێران و ئەو کۆمەڵگەیانەی وەک کوبا و ئەلجەزایر هەبون وەک وڵاتانی جیهانی سێهەم، باوەڕمان وا بوو شۆڕشی چەکداری تەنیا ڕێگای سەرکەوتنە" (شوکت، ١٣٨١: ٣٣). لەم دۆخەدا کە سەرکردایەتیی حیزبی تودە بەتوندی بەرەوڕوی ناڕەزایەتی گەنجە خوێندکارەکان لە ئەوروپا ببووەوە، جوڵانەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لەرادەی جیهانیدا، توشی لێکترازانێکی گەورە بو و بو بە دوجەمسەریی، کە ڕاستەوخۆ شوێنەواری لەسەر زۆربەی حیزبە چەپ و کۆمۆنیستییەکان دانا. لە کۆنگرەی بیستەمی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤییەت (١٩٥٦) "نیکیتا سێرگیوڤیچ خرۆشچێف" (١٨٩٢- ١٩٧١) لە بەردەمی نوێنەرانی حیزبە کۆمۆنیستەکانی جیهان، ڕەخنەی لە سیاسەتەکانی ستالین و ڕێبەرایەتیی ناوبراو لە بەڕێوەبردنی یەکێتیی سۆڤییەت گرت و "ستالین سڕینەوە" و بیردۆزی "پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە"ی خستە ڕو، کە بریتی بو لەوەی کە سەرکەوتنی سۆسیالیزم بەسەر سەرمایەداریدا، تەنیا بە پەنا بردن بۆ شەڕ دەستەبەر نابێت، بەڵکو لە ڕێگەی کێبەرکێیی ئاشتیخوازانەی ئابورییەوە بە ئاکام دەگات و حیزبە کۆمۆنیستەکانیش بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، پێویست ناکات لە هەمو شوێنێک دەست بۆ چەک ببەن و بەڵکو دەتوانن لە ڕێگەی پەرلەمانەوە سەرکەون (علی‌بابایی، ١٣٦٩ : ٨٤٥). لە گرنگترین دەرهاویشتەکانی ئەم سیاسەتە نوێیەی یەکێتیی سۆڤییەت، گرژی و ئاڵۆزییەکبو، کە کەوتە نێوان ماوتسی‌تۆنگ ڕێبەری حیزبی کۆمۆنیستی چین و یەکێتیی سۆڤیەتی، کە ڕۆژبەڕۆژ لە پەرەسەندندا بو و بو بە پاساوێک بۆ ماوتسی‌تۆنگ، کە دواجار لە ساڵی ١٩٦٤ دوبەرەکییەکی گەورە لە "کامپی سۆسیالیزم" بکەوێ و سۆڤییەتی بە "ڕیڤیزیۆنیزم"[3] و "زیندوکردنەوەی سەرمایەداری" و چاوچنۆکیی ئیمپریالیستیی تاوانبار کرد. ئەو کەرتبونە گەورەیە، بێگومان بەرۆکی زۆربەی حیزبە کۆمۆنیستەکانی گەورەی جیهان و یەک لەوان حیزبی تودەی ئێرانیشی گرتەوە (میلانی، ٢٠١٣: ٢٨٩). گەنجە ناڕازییەکان بە پاسیڤبونی ڕێبەریی ئەو حیزبە، کە سۆزیان بۆ کۆمۆنیزمی چینی و ماویزم[4] هەبو، ڕیزی خۆیان لە حیزبی تودە جیا کردەوە (بهروز، ١٣٨٠: ٨٩) و بە پێکهێنانی کۆنفرانسی ئامادەکاری لە مانگی نیسانی ١٩٦٤ لە شاری میونشن لە ئاڵمانیا، "سازمانی ئینقلابیی حیزبی تودەی ئێران"یان دامەزراند (بهروز، ١٣٨٠: ٨٩). ناوێک کە لەلایەک درێژەدەری نەریتەکانی شۆڕشگێڕیی حیزبی تودە بو و لەلایەکی تر بە پێداگری لەسەر دەستەواژەی "سازمانی ئینقلابی" بە واتای ڕەسمییەت پێدانی دابڕان لە حیزبی تودە و بەتایبەت ڕێبەرییەکەی بو، کە پشتی لە خەباتی شۆڕشگێڕی کردبو (شوکت، ١٣٦٨: ١٣١). ئەم دابڕانە زۆربەی لایەنگرانی حیزبی تودەی لە ئەوروپا - نزیک بە

نەوەد لەسەد - بەتایبەتی لەنێو کۆنفێدراسیۆنی خوێندکارانی ئێرانی لەگەڵ کەوت و بە گەورەترین جیابونەوە لە مێژوی ئەم حیزبە دادەندرێت (بهروز، ١٣٨٠: ٨٩). نورەددینی کیانوری سکرتێری پێشوی حیزبی تودە دان بەوەدا دەنێت و دەڵێت: "بەشێکی گرنگ لە هێزەکانی حیزب لە ئەوروپا لەگەڵ سازمانی ئینقلابی کەوتن" (کیانوری، ١٣٧١: ٤٣٦). هەربۆیە سازمانی ئینقلابی لە ماوەیەکی کەمدا بو بە بەهێزترین ڕێکخراوی چەپ لە دەرەوەی ئێران (شوکت، ١٣٨٠: ٣٢). لە هەمان کاتدا یەکەم ڕێکخراو بو، کە توانی ڕێبازی ماویزم لە ئێران بگرێتەبەر و بانگەشەی بۆ بکات. سازمانی ئینقلابی لە تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ (١٩٦٤)، یەکەم کۆنگرەی لە تیرانای پایتەختی وڵاتی ئالبانی بە میوانداریي حیزبی کار و دەوڵەتی ئەو وڵاتە، پێکهێنا (شوکت/ لاشايي، ١٣٨١: ٣٨). سازمان، بەرنامەی تێکۆشانی خۆی لەسەر ئەوە دارشت، کە بە نهێنیپارێزییەکی تەواو لە وڵاتانی چین و کوبا ڕاهێنانی سیاسی و سەربازی ببینن و لەدوای ئەم ڕاهێنانە بێ وەدواکەوتن لە دەستە و گروپی بچوکدا بچنەوە ناوخۆی ئێران (شوکت، ١٣٨٦: ٧٢). لە ڕەوتی جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیەدایە، کە ژمارەیەک لە کادر و ئەندامانی ڕێبەريي سازمانی ئینقلابی بۆ ڕاهێنانی سیاسی و سەربازی دەچنە وڵاتانی چین و کوبا (شوکت، ١٣٨١: ٤٦) لە سەرەتادا هەندێک لە ڕێبەرانی سازمانی ئینقلابی چون بۆ کوبا، بەڵام دواتر بەو ئاکامە گەیشتن، کە ڕێبازی حیزبی کۆمۆنیستی چین زۆرتر لەگەڵ بنەماکانی مارکسیزم-لینینیزم دەگونجێت و بەتوندی بونە دژی سۆڤییەت و لایەنگرییان لە چین کرد (جزنی، ١٣٥٧: ١٤٩)، کە دیارە بەهۆی سۆزیان بۆ حیزبی کۆمۆنیست و دەوڵەتی چین و سەرسامبونیان بە ئەزمونەکانی شۆڕش و خەباتی ئەو وڵاتە، ناردنی کادر و ئەندامانی سەرکردایەتییان بۆ ئەو وڵاتە چەندین جاری تریش دوپات بووەوە و ئەمە لە ئامادەکاريي سازمانی ئینقلابی، بۆ خەبات لەدژی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران، خاڵێکی وەرچەرخان بو. لە کانونی یەکەمی ١٩٦٥ و لە پلینۆمی یازدەهەمی حیزبی تودەدا، کە لە مۆسکۆ پێکهات، سێ کەس لە ئەندامانی ڕێبەريي ئەو حیزبە بەناوەکانی: "ئەحمەد قاسمی"، "غوڵام حوسێن فروتەن" و "عەباس سەغايي"، لە کێشە و ململانێی نێوان حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤییەتی و حیزبی کۆمۆنیستی چین، بەهۆی لایەنگری لە هەڵوێست و ڕوانگەکانی حیزبی کۆمۆنیستی چین، لەلایەن ڕێبەريي ئەو حیزبەوە دەرکران (کیانوری، ١٣٧١: ٤٣٠ و ٤٣١) ؛ (طبری، ١٣٦٦: ٢٣٤- ٢٣٧). بەمجۆرە دابڕانی دوهەمی لایەنگرانی بیرکانی ماوتسیتۆنگ لە حیزبی تودە ڕویدا، ئەم سێ کەسە بە ڕۆیشتنیان بۆ ئەوروپای ڕۆژئاوا، بە سازمانی ئینقلابیی حیزبی تودە پەیوەستبون (کیانوری، ١٣٧١: ٤٣٧). بێگومان چونی ئەم سێ کەسە بۆ ناو ڕیزەکانی سازمانی ئینقلابی، قورسايي و شکۆی ئەم ڕێکخراوەی زۆرتر کرد.

هاوکاریي ئەم سێ کەسە لەگەڵ سازمانی ئینقلابی زۆری نەخایاند و لەسەر هەڵسەنگاندنی ڕابردوی حیزبی تودە و شێوازی بەڕێوەبردن، لەگەڵ ڕێبەرانی گەنجی سازمانی ئینقلابی توشی ناکۆکی هاتن. قاسمی و فروتەن ئامادە نەبون ڕەخنە لە ڕابردوی حیزبی تودە بگرن و لە ڕاستیدا دان بە هەڵەکانی خۆیاندا بنێن. قاسمی خۆی پێ میراتگری حیزبی تودە بو و خوازیاری زیندوکردنەوەی لە ناوخۆی ئێران بو، بەڵام سازمانی ئینقلابی خوازیاری دامەزراندنی حیزبی چینی کرێکار بو و حیزبی تودەیان پێ حیزبی چینی کرێکار نەبو (جزنی، ١٣٥٧: ١٤٨). پاشان دواجار لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٦ لە سازمانی ئینقلابی دەرکران و ئەم سێ کەسەش، بەخێرايي ڕێکخراوێکی تریان بەناوی "سازمانی مارکسی-لینینی" (توفان)، کە لایەنگری لە چین و ئالبانی دەکرد، پێکهێنا (ماسالی، ٢٠٠٢: ١٠٤). سازمانی ئینقلابی بەپێی لێکدانەوەکانی خۆی لەسەر کۆمەڵگەی ئێران، کە وێنەهەڵگرتنێک بو لە کۆمەڵگەی چینی پێش سەرکەوتنی کۆمۆنیستەکان لە ساڵی ١٩٤٩ و لاساییکردنەوە لە شێوازی خەبات و شۆڕشی ئەو وڵاتە، بەو ئاکامە گەیشتن، کە کۆمەڵگەی ئێران کۆمەڵگەیەکی نیوە کۆلۆنی—نیوە دەرەبەگایەتییە و هەربۆیە پێویستە ڕێکخراوەکەیان، کە پێشەنگە لە خەبات بەدژی ڕژێمی پاشایەتی، دەبێت لەنێو جوتیاران چالاک بێ و سوپایەکی گەلی پێکبێنێ و لە ڕێگەی بنکەکانی گوند، شارەکان گەمارۆ بدەن (بهروز، ١٣٨٠: ٩٠). لەسەر بنەمای ئەم لێکدانەوانە، سازمانی ئینقلابی بەمەبەستی کاری ڕێکخستن، هەوڵیدا بگەڕێتەوە ناوخۆی ئێران، هەربۆیە چەند جار و لە گروپی جیاوازدا، ژمارەیەک لە ئەندامان و کادری ڕێبەريي خۆی بە نهێنی ناردەوە بۆ ئێران و هەروەها بۆ پێکهێنانی ناوەندی چریکییش هەوڵیدا "ستارە سرخ" ئۆرگانی تیۆری-سیاسیي سازمانی ئینقلابی لەم بارەیەوە نوسیویەتی: "ڕێکخراوی ئێمە لە جوڵانەوەی چەکدارانەی باشور (هۆزی قەشقايي)، کە توانی بۆ ماوەی یەک ساڵ لە بەرامبەر ئەرتەشی شاهەنشاهی درێژە بە خەبات بدا، بەشداری بکا و هەروەها لەگەڵ بیستنی هەواڵی چەکدارانە لە کوردستان بە ڕێبەريي کۆمیتەی ئینقلابیي حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ساڵەکانی ١٩٦٧- ١٩٦٨ پشتیوانيي لێکرد و کادیرەکانی بۆ بەشداری لەو جوڵانەوەیە ڕەوانەی کوردستان کرد" (ستارە سرخ، ١٣٥٧: دورەی سوم، شمارە ١: ١٣٥٧).

کادیرەکانی سازمانی ئینقلابی لەدوای هاتنەوەیان بۆ ئێران، لە بە ئەنجام گەیاندنی گەڵاڵە و پڕۆژەکانیان سەرکەوتو نەبون و چەند کەسێکیان لێ کوژرا و هەندێکیان کە بە دیل گیران، لە باوەڕەکانی خۆیان پەشیمان بونەوە و تەنانەت کەوتنە یارمەتی دانی دەزگای ئەمنيي ڕژێم (ساواک) (ماسالی، ٢٠٠٢: ١٠٨؛ جزنی، ١٣٥٧: ١٥٠). سازمانی ئینقلابی بەدوای ئەو سەرنەکەوتنانەی توشی قەیران و چەندین دابڕان بو و تا سەرکەوتنی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٩، چالاکییەکانی لە دەرەوەی وڵات، لە دەرکردنی بڵاوکراوەی ڕێکخراوەکەیدا بەرتەسک بووەوە. لە پاش شۆڕش بە گەڕانەوەیان بۆ ئێران و لە دۆخێکی نوێی پاش ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی و لەژێر ناوێکی نوێدا "حیزبی ڕەنجبەران"یان لە ٢٦ی تەشرینی دووهەم ١٩٨٠دا ڕاگەیاند و چالاکیي خۆیان دەست پێکردەوە (ماسالی، ٢٠٠٢: ١١٦).

## ٢.٣ جێگیربونی سازمانی ئینقلابی لە کوردستان

چۆنیەتيي دامەزرانی پێوەندیي سازمانی ئینقلابی بە تێکۆشەرانی کورد، بۆ ڕاپەڕینی چەکدارانەی ١٩٦٧- ١٩٦٨ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێتەوە. سەرەتای ئەو پەیوەندییە بە وتەی ڕێبەرانی سازمانی ئینقلابی لە ڕێگەی یەکێک لە ئەندامانی کوردی ئەو سازمانە، کە لە نەمسا دەژیا دروست دەبێت، کە لەگەڵ سمایل شەریف‌زادە لە ڕێبەرانی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ١٩٦٧- ١٩٦٨ لە پێوەندیدا بووە.[5] شەریف‌زادە پەیام بۆ سازمانی ئینقلابی دەنێرێت، کە ئەگەر بیانەوێ بێنەوە کوردستان و بەشداری خەباتی چەکدارانە بن، پێشوازییان لێ دەکەین و سەرەتا دەتوانن بۆ هەڵسەنگاندن و ئاشنايي لەگەڵ دۆخەکە نوێنەرێک بنێرن (شوکت، ١٣٨١: ١١٦) ؛ (شوکت، ١٣٨٠: ٩٨؛ شوکت، ١٣٦٨: ١٦٤). "حەسەنی قازی"، کە لێکۆڵینەوەی وردی بۆ ئەم مژارە کردووە، دەڵێت: "بە وتەی موحسینی ڕیزوانی لە ڕێبەرانی سەرەکیي سازمانی ئینقلابی، ئەو ئەندامە کوردەی سازمانی ئینقلابی لە نەمسا" (سەلاحەددینی شەمسی بورهان)[6] بووە (قازی، ٢٠٢٠: ١١). سازمانی ئینقلابی بەخێرايي پێشوازی لە پێشنیازەکەی شەریف‌زادە دەکات و بڕیار دەدەن

سەرەتا کوروش لاشایی، کە پزیشک و ئەندامی ڕێبەری بو، بنێرنەوە کوردستان (شوکت، ١٣٦٨: ١٦٤). "کەمال فواد" کوردی باشوری کوردستان و نیشتەجێ لە شاری بەرلین لە ئاڵمانیا، ڕێوشوێنی گەیشتن بە بەغدا و دیداری لەگەڵ جەلال تاڵەبانی بۆ دیاریدەکات (شوکت، ١٣٨١: ١١٦). جێی ئاماژەیە، سەرەتای ئاشنایەتی تاڵەبانی لەگەڵ کادیرەکانی سازمانی ئینقلابی بۆ ساڵی ١٩٦٤ دەگەڕێتەوە، کە تاڵەبانی لە ئێرانەوە سەفەری ئەوروپا دەکات و لە میانەی ئەم سەفەرەدا پەیوەندییان لە نێواندا دروست دەبێت. لاشایی لە بەغدا چاوی بە تاڵەبانی دەکەوێت و لە ڕێگەی ئەوەوە پەیوەست دەبێت بە "شەریف‌زادە" و "مەلا ئاوارە" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ڕەشید، ٢٠١٧: ٣٣٨ و ٣٨٤). لاشایی نزیکەی دو مانگ لە بەهاری ١٩٦٨ لە ناوچەی بانە و سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەگەڵ کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک پێشمەرگە هەڵدەسوڕێت. ئەو پێیوایە ئەوان (ڕێبەرانی کۆمیتەی ئینقلابی) مارکسیزمی چینییان بەلاوە لۆژیکیتر بو، هەتا مارکسیزمی ڕوسی و سەرەڕای باوەڕی تیۆرییان بە مارکسیزم، وا دەهاتە بەرچاو، کە لایەنی نەتەوایەتی بەلایانەوە گرنگی زۆری هەیە (شوکت، ١٣٨١: ١٢٩).

لاشایی لە گەڕانەوەی بۆ ئەوروپا لە کۆتایی بەهاری ١٩٦٨، لە کۆبونەوەی دەستەی کارگێڕیی سازمانی ئینقلابی لە هاوینی هەمان ساڵدا، دۆخی کوردستان و ڕاپەڕینی چەکدارانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شیدەکاتەوە. گرنگترین خاڵی ئەو ڕاپۆرتە پێشنیازی شەریف‌زادە و مەلا ئاوارە دەبێت، کە لە سازمانی ئینقلابی داوا دەکەن بۆ بەرەوپێش‌بردنی خەباتی چەکدارانە هێز بۆ کوردستان بنێرن (شوکت، ١٣٨٦: ١٧٥). سازمانی ئینقلابی پێشوازی دەکەن لەم داوایەی کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لە قۆناغی یەکەمدا ژمارەیەک لە کادر و ئەندامانی ڕێبەریی سازمانی ئینقلابی لە هاوینی ١٩٦٨ بەرەو کوردستان وەڕێ دەکەون.[7] ئامانجی سازمانی ئینقلابی لە چون بۆ کوردستان ئەوە بو، کە وەک پێگەیەک بۆ دەست وێراگەیشتن بە ناوچەکانی تری ئێران بەکاری بێنێت (شوکت، ١٣٨١: ١٣٧) بە واتای ئەوەی کە سازمانی ئینقلابی هەم هاوکاریی جوڵانەوەی چەکداری لە کوردستان بکات، هەمیش لە کوردستانەوە پێگەیەک بۆ خۆیان بنیات بنێن و باشتر دەستیان بگاتە ناوخۆی ئێران. ئەندامانی سازمانی ئینقلابی لە مانگی ئابی ١٩٦٨ لە ڕێگەی تورکیاوە دەچنە عێراق (بەغدا)، تاڵەبانی لەم ماوەیەدا هەمو ئامادەکارییەکیان بۆ دەکات، بۆ ئەوەی بگەنە لای کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستان، تەنانەت لای حکومەتی عێراق وای نیشاندا، کە ئەمانە ئەفسەری ئێرانی و تێکۆشەری دژی شای ئێرانن (عەبدولقادر، ٢٠١٧: ٦٥)، بەڵام بە گەیشتنەوەی کادیرەکانی سازمانی ئینقلابی بۆ بەغدا، هەواڵی کوژرانی شەریف‌زادە، عەولا موعینی و مەلا ئاوارەیان پێ دەگات و هەروەها سەرگەردانیی پاشماوەی هێزەکەیان لەسەر سنوری ئێران و عێراق (شوکت، ١٣٨٠: ١٢١). هەواڵی ئەو ڕوداوانە کارتێکەریی قورس لەسەر کادیرەکانی سازمانی ئینقلابی دادەنێ. لاشایی لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئەوە ئیتر ڕاهێنانی سەربازی لە چین و کوبا نەبو، ئێمە چارەنوسی ڕێکخراوەکەمان لەگەڵ خەباتی چەکدارانەی کوردستان گرێ دابو، بە مردنی ئەوان هیواکانی ئێمە بە داهاتو بون بە هەڵم" (شوکت، ١٣٨١: ١٤٧). بە کوژرانی ڕێبەرانی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ١٩٦٧- ١٩٦٨ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەتی سولێمانی موعینی ناسراوترین سیمای ڕاپەڕینەکە، ئەو پێشمەرگانەی، کە ژمارەشیان زۆر نەبو، بەناچاری ڕو لە باشوری کوردستان دەکەن و بەشێکیان لە بەکرەجۆ لەلای باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان جێگیر دەبن و بەمجۆرە کۆتایی بە ڕاپەڕینەکە هات. سازمانی ئینقلابی، کە بەسەر دۆخێکی پێشبینی نەکراودا دەکەوێت، دەبو هەڵوێستی بەرامبەر بەم دۆخە نوێیە دیاریبکات. یەزدانی لە ڕێبەرانی سەرەکیی ئەم ڕێکخراوە سەبارەت بەم پێشهاتانە دەڵێت: "هاوڕێیانمان لە بەغداوە پەیوەندییان پێوە گرتم، کە چ بکەین؟ گوتم: بڕۆنە کوردستان لانیکەم تەرمەکانیان بە خاک بسپێرن، ئێمە خۆ ناتوانین بە خەڵکی کورد بڵێین لەبەرئەوەی ڕێبەرانتان کوژراون ئیتر لەگەڵتان نین و تەنیا لە زەماوەندا بەشدار دەبین" (شوکت، ١٣٨٦: ٢٢٤). بۆیە کادیرەکانی سازمانی ئینقلابی بڕیار دەدەن بڕۆنە بەکرەجۆ لای ئەو بەشە لەو پێشمەرگانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە پەنایان بۆ باشوری کوردستان هێناوە، تا هەلومەرجی نوێ هەڵبسەنگێنندرێت و ئاکامێکی لێ وەدەست بێنن. ئەم داوایە لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دێنە گۆڕێ و سەرەڕای دۆخی دژواری ئەو کاتی کوردستان، بەهۆی تێکهەڵچون و پێکدادانی توندی چەکداری لەنێوان هەردو باڵی پارتی (مەلایی و جەلالی)، وەڵامی داواکارییەکەیان پۆزەتیڤ دەبێت (قازی، ٢٠٢٠: ٨٠). بە نیشتەجێبونی کادیرانی سازمانی ئینقلابی لە باشوری کوردستان بەشێکی نوێ لە ژیانی سیاسیی ئەو ڕێکخراوەیە لەگەڵ ئەو بەشەی کوردستان دەستپێدەکات، کە تا ساڵی ١٩٧٠ درێژەی دەبێت. کاری سەرەکیی سازمانی ئینقلابی دوای گەیشتنیان بۆ بەکرەجۆ، پێش لە هەمو شتێک هەوڵدان بۆ فێربونی زمانی کوردی و دواتر بەرنامەدانان بۆ کار و پەروەردەی ئەو پێشمەرگانە بو، کە لەدوای تێکشکانی ڕاپەڕینەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پەنایان بۆ ئەم شوێنە هێنابو (قازی، ٢٠٢٠: ٣٣٤). لاشایی دەڵێت: "ئامانجمان ئەوە بو، کە زەمینەی ئاشنابون بە پرسەکانی شۆڕش، تیۆریی شۆڕشگێڕی و باسەکانی مارکسیزمیان بۆ پێکبێنین. لەو کلاسانەدا بیرەکانی ماوتسی‌تۆنگمان وەک وانە دەگوتەوە، لە ڕاستیدا ئەوەی ماوتسی‌تۆنگ باسی دەکات، لە ژینگەی کوردستان زۆر بەرچاوتر و هەستپێکراوتر بو تاکو ئەوروپا. ئەو مارکسیزمەی کە ئێمە دەمانگوتەوە ڕەخنە لە ڕوانگەکانی ترۆتسکی یا تیۆریی زێدەبایی مارکس نەبو، بەڵکو ئەو پرسانە بو کە پەیوەندیی بە ژیانی جوتیاری و زوڵمی خان و دەرەبەگەکانەوە هەبو" (شوکت، ١٣٨١: ١٥٩).

بەو حاڵەش تێگەیشتن لە بابەتەکانی کلاسەکان بۆ پێشمەرگەکان دژوار بووە، "ئەحمەد نستانی"، کە یەکێک بو لەو پێشمەرگانەی، کە بەشداری ڕاپەڕینی ١٩٦٧- ١٩٦٨ و نیشتەجێ لە بەکرەجۆ بو، دەڵێت: "بابەتەکان بۆ ئێمە زۆر قورس بون و بێجگە لە چەند کەسێکی کەم، تێگەیشتنیان بۆ ئێمە زۆر دژوار بوو" (ئەحمەد نستانی؛ ٢٠٢٢). کادیرەکانی سازمانی ئینقلابی هاوکات کە لەگەڵ کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان کاری سیاسی دەکەن، لەسەر داوای تاڵەبانی لەگەڵ لاوەکانی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتیش پەیوەندی دروستدەکەن و لە کلاسی پەروەردەی ئایدۆلۆژیکیدا بەشداریان دەکەن، تا ئەوانیش بە پرسەکانی مارکسیزم ئاشنا بن (شوکت، ١٣٨٠: ١٣١). "سیامەک موئەییەدزادە" یەکێک لە کادرانی سازمانی ئینقلابی لە بەکرەجۆ دەڵێت: "مانگێ جارێک بە ڕێکوپێکی ئەو کۆبونەوانە لە ژوری تاڵەبانی خۆی دەکرا، کە نزیکەی ٢٠- ٢٥ کەس لە لاوە حیزبییەکانی بەغدا و سلێمانی بە گوێرتینەوە بەشدارییان دەکرد و نەوشیروان مستەفا لە فارسیی ئێمەوە بۆ ئەوانی دیی دەکردە کوردی و کوردیی ئەوانی بۆ ئێمە بە فارسی وەردەگێڕا، بابەتەکانیش زۆرتر لەسەر بنەمای ڕامانی ماوتسی‌تۆنگ بو. ئەنجامدانی ئەو بەرنامەیە، ئێمەی زیاتر لەو گەنجانە

نزیککردەوە و زۆربەیان زیاتر لەگەڵ ڕامانی ماوتسیتۆنگ ئاشنا دەبون و درێژەیان دەدا بە خوێندنەوەی خۆیان لەو بوارەدا" (قازی، ٢٠٢٠: ٣٣٤).

"نەرمین عوسمان"، کە بەشداربوی کۆنفرانسی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان، سەر بە باڵی مەکتەبی سیاسی بووە، باسی کارتێکەریی ئەو باس و گەنگەشانە دەکات، کە لە بەکرەجۆ لە نێوان قوتابییان و کادرانی سازمانی ئینقلابی پێکهاتبون و دەڵێت: "نزیکەی هەشتا، کەس لەم کۆنفرانسەدا بەشداربوین، لە ماوەی کۆنفرانسەکەدا بەشداربوان زۆربەیان بە شەوانەش لە بەکرەجۆ دەمانەوە، شەو لەگەڵ برادەرانی سازمانی ئینقلابی کۆدەبونەوە. دوای ئەوە هەستدەکرا، کە کاریگەرییەکی باشیان بەجێهێشتبو لەسەر ئەو خەڵکە، هەمو شەوێکیش پێش خەوتن سرودی ئینتەرناسیۆنالی جیهانییان دەوتەوە" (عوسمان، ٢٠٢٠: ١٦٠).

پەیوەندیی سازمانی ئینقلابی لەگەڵ لاوەکانی مەکتەبی سیاسی، بە بەراورد لەگەڵ کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان، ڕۆژبەڕۆژ چڕوپڕتر و لە هەمان کاتدا شوێندانەرتر دەبێت. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کوردەکانی ڕۆژهەڵات زۆربەی هەرە زۆریان ڕەچەڵەکی وەرزێرییان هەبو و کەسێکی ڕوناکبیر و خاوەن ڕایان لەناودا پەیدا نەدەبو (قازی، ٢٠٢٠: ٨٥)، بەتایبەتی، کە ڕێبەرە ڕوناکبیر و بە ئەزمونەکانیان کوژرابون. بەپێچەوانەوە لاوەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی خوێندەوار، خوێندکار و یا دەرچوی زانکۆ بون و لەگەڵ پرسە گشتییەکانی مارکسیزم ئاشنا بون، هەرچەند ئەم ئاشنایەتییە سنوردار بو (شوکت، ١٣٨٠: ١٣١). هەروەها بەدوای تیرۆری "قادر شەریف"[8] لە سلێمانی، بەرپرسی ئەو دەستە لە پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دواتر کاوە مەرەغانی[9]، کە بەدوای قادر شەریف ببو بە بەرپرسیان، دۆخی ئەو پێشمەرگانە دەگاتە سنوری لێک بڵاوبون (ئەحمەد نستانی: ٢٠٢٢). لە کاتێکدا بە وتەی ئیرەجی کەشکۆڵی: "تاڵەبانی لاوە خوێندەوارەکانی حیزبەکەی هاندەدا هەر جۆرێک بێ لە ئێمە نزیک ببنەوە و شت فێربن و بونی ئێمە ببێتە هۆی بردنە سەری ڕادەی زانیارییان و بەهێزبونی ڕەوتی چەپ" (شوکت، ١٣٨٠: ١٢٥). بەمجۆرە سەرنج و وزەی کادیرەکانی سازمانی ئینقلابی، بەتەواوی بۆ توێژی لاو و خوێندەواری باڵی مەکتەبی سیاسی تەرخان دەبێت، کە سۆزیان بۆ بیری چەپ هەیە.

### ٣.٣ سازمانی ئینقلابی و ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکان

پەیوەندیی سازمانی ئینقلابی هەر لە چواچێوەی پەیوەندی لە گەڵ پێشمەرگە و ئەندامانی باڵی مەکتەبی سیاسیی نیشتەجێ لە بەکرەجۆدا بەرتەسک نەبووە، بەڵکو وردە وردە ئەو ئەڵقە ڕۆشنبیرییانەی سلێمانی و بەغداشی داگرت. دکتۆر پارسانژاد، لە کادیرانی سازمانی ئینقلابی دەڵێت: "دۆستانی بەنرخمان لەناو لاوانی کوردی دانیشتوی سلێمانی پەیداکرد، کە سەر بە باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی بون" (قازی، ٢٠٢٠: ٨٦) بەتایبەت لەناو ئەواندا ناوی نەوشیروان مستەفا و فازیلی مەلا مەحمود دەهێندرێت، کە لە پێکهێنانی ئەو پەیوەندییەدا زۆر یارمەتیدەر بون (شوکت، ١٣٨٠: ١٣٠). گرنگترین بەرهەمی ئەو پەیوەندییە لەگەڵ ئەڵقەی ڕۆشنبیرانی سلێمانی لە گۆڤاری "ڕزگاری"دا ڕەنگی دایەوە. گۆڤاری ڕزگاری، کە بە پاڵپشتیی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەوڵ و کۆششی نەوشیروان مستەفا و شازاد سائیب و هاوڕێکانی لە سلێمانی لە ٢٠ی نیسانی ١٩٦٩ یەکەمین ژمارەی لەدایکبو، تا دوایین ژمارەی (١٤- ١٥) لە ٢٧ی مارتی ١٩٧٠، توانیویەتی ڕۆڵێکی کاریگەر ببینێت و پانتاییەک لە مێژوی ڕۆژنامەگەریی کوردی داگیر بکات (حەمەدئەمین، ٢٠٢٠: ٨). پێناسەی گۆڤاری ڕزگاری بریتی بو لەو چوار دروشمەی، کە لە تێکرای ژمارەکانی ئەو گۆڤارەدا لە بەرگی دواوە نوسراوە:

**١.** ڕزگاری، بڵاوکەرەوەی بیروباوەڕی جەنگاوەرانی بزوتنەوەی کوردایەتییە لەپێناو نەهێشتنی ئازاردانی نەتەوایەتی و چەوساندنەوەی چینایەتی‌دا.
**٢.** ڕزگاری، گۆڤاری کرێکاران و جوتیاران و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕە.
٣. ڕزگاری، هەڵگری مەشخەڵی بیروباوەڕی سۆشیالیستییە.
**٤.** ڕزگاری، گۆڤاری تێکۆشەرانی ڕێگەی ڕزگاری و دیموکراسی و سۆشیالیزمە.
(بڕوانە بەرگی دواوەی هەموو ژمارەکانی ڕزگاری، گۆڤارێکی هەفتانەی گشتییە).

لە ناوەرۆکی بابەتەکان و پێناسەی گۆڤاری ڕزگاریدا، دەردەکەوێت، کە هەڵگری بیروباوەڕی چەپە و هاوسۆزی بۆ ئەم فکرە هەیە و لەگەڵ ئەمەش تاکە گۆڤار بو لە عێراقدا بەئاشکرا بۆچونی چەپی تێدا بڵاودەکرایەوە (ڕەشید، ٢٠١٧: ٣٨٨). "نەرمین عوسمان"، کە خۆی ئەوکات خوێندکارێکی گەنج و لە پەیوەندی لەگەڵ ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکانی بەغدادا بووە، دەڵێت: "لەو سەردەم گۆڤار و بڵاوکراوەکان کاریگەریی زۆری لەسەر خوێنەر جێدەهێشت و دەبووە بابەتی گفتوگۆ و بە سەرچاوە ئەژمار دەکرا، هەر بۆیە ئەو گۆڤارە کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوە و بە چەپ کردنی گەنجێکی زۆری ناو باڵی مەکتەبی سیاسی هەبو" (عوسمان، ٢٠٢٠: ١٦١).ڕاستە گۆڤاری ڕزگاری هەڵگری بیری چەپ بووە، بەڵام ئەوەی جێگای لێوردبونەوەیە، گرنگی پێدانی تایبەتی بە بڵاوکردنەوەی بیری ماوتسیتۆنگ و ئەزمونی حیزبی کۆمۆنیست و شۆڕشی چینە. بۆ وێنە لە بابەتێک لەژێر ناوی "هەڵبژاردەیەک لە وتەکانی سەرۆک ماوتسیتۆنگ"، کە لە کتێبی شۆڕشی چین و پارتی کۆمۆنیستی چین وەرگیراون و وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی لە ژمارەکانی ١، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧ و ٨دا بڵاو بۆتەوە.[10] هەروەها لە ژمارەکانی ٢، ٩، ١٠ و ١٣ چوار وتار بە ناوەکانی "هەڵسەنگاندنی باری ئێستای دەوڵەتان"، "بەتەنگەوە هاتنی ژیانی کۆمەڵانی خەڵک"، "وریایی لە شێوە ئیشکردندا" و "بەرەڵڵایی لەناو بەرن"، لە نوسینی ماوتسیتۆنگ بڵاو کراونەتەوە، کە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی.[11]

کادیرانی سازمانی ئینقلابی لە ڕزگاریدا وتاریان بڵاودەکردەوە. زۆربەی وتارەکان دکتۆر ئیبراهیم (دکتۆر عەلی سادقی) دەینوسی، ئەو بە فارسی دەینوسی و "نەوشیروان مستەفا" وەریدەگێڕا بۆ سەر کوردی (ڕەشید، ٢٠١٧: ٣٨٨). وتاری "بۆچی شۆڕشی دیموکراتی نوێ تەنیا شۆڕشی وڵاتانی نیمچەکۆلۆنی-نیمچەدەرەبەگییە؟"، بەپێی زانیاریی بیبلیۆگرافیای گۆڤاری ڕزگاری، دکتۆر عەلی سادقی نوسیویەتی و نەوشیروان مستەفا کردویە بە کوردی (حەمەدئەمین، ٢٠٢٠: ٤٥) و لە شێوازی زنجیرە وتار لە ژمارەکانی ٧، ٨، ١١ و ١٣ی گۆڤاری ڕزگاریدا بڵاوبووەتەوە، کە لەسەر بنەمای تیۆریی گرنگیی شۆڕشی دیموکراتی نوێ لە وڵاتانی نیمچەکۆلۆنی-نیمچەدەرەبەگایەتی، کە بەهۆی ماوتسیتۆنگ دارێژرابو.بە هەمان شێوە سازمانی ئینقلابی لەگەڵ ئەڵقەیەکی ڕۆشنبیریی کورد لە بەغدا، لە ڕێگەی تاڵەبانییەوە ناسیاوی دروستدەکەن (عەبدولقادر، ٢٠١٧: ٧٣). نەرمین عوسمان بەمجۆرە باسی هاتنی ئەوان بۆ بەغدا دەکات: "دوای بەکرەجۆ، هەر ئەو برادەرانەی سازمانی ئینقلابی، شوققەیەکیان لە یەکەم کۆڵانی گەڕەکی بەتاوین دوای گۆڕەپانی (گیران) نزیک شەقامی (نضال) بەرامبەر بە کەنیسەی ئەرمەن بەکرێ گرتبو. ئەوانەی لەوێ بون هەندێکیان ناسراو بون، وەک: خەسرەو سەفایی (دکتۆر قوباد)[12]، ئیرەجی کەشکۆڵی (ئیسماعیل و سیامەکی موئەییەدزادە (سەفا) ئەوانەی لە ئەوروپاش دەهاتنەوە هەر لەو شوققەیە دەمانەوە، من خۆم خەسرەو سەفاییم لە ماڵی شەهید شەهاب بینی" (عوسمان، ٢٠٢٠: ١٦٠). فەرەیدون عەبدولقادر، کە یەکێک لەو خوێندکارانەی زانکۆی بەغدا بو، کە سەر بە باڵی مەکتەبی سیاسی و لەگەڵ ئەڵقەی ڕۆشنبیریی

بەغدادا بو، دەڵێت: "زۆر جار ئێمە لە بەکرەجۆ سەردانمان دەکردن، گەلێ جاریش هەندێ لەوان سەردانی بەغدایان دەکرد و لەگەڵیان کۆدەبوینەوە و گفتوگۆمان دەکرد. کوروش لاشایی، ئیرەج کەشکۆڵی و خەسرەو سەفایی هەندێ جار دەهاتن لە ماڵەکانی ئێمەدا دەمانەوە، ئیرەجی کەشکۆڵی لەوانی تر زۆرتر خەریکی فراوانکردن و گرنگی پێدان بو بە پەیوەندییەکانی، دواتریش پەیوەندی و هاوڕێیەتییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ شەهابی شێخ نوریدا پەیدا کردبو" (عەبدولقادر، ٢٠١٧: ٨٤). سیامەکی موئەییەدزادە (سەفا) کادرێکی دیکەی سازمانی ئینقلابی بەمجۆرە باس لە پەیوەندیی خۆی و شەهابی شێخ نوری دەکات: "ئەو بەرپرسی کتێبفرۆشیی گەورەی حیزب بو لە بەغدا (کتێبخانەی بیری نوێ) لە جادەی سەعدون لە بەغدا، کە جگە لە کتێبی پێشکەوتو بە زمانی عەرەبی و کوردی، ڕاستەوخۆش لە چینەوە بە زمانی فارسی و عەرەبی کتێبی هاوردە دەکرد، من ئەو کاتەی بەکرەجۆم بەجێهێشت و پێوە بوم بچم بۆ شێخ نشینەکانی کەنداوی فارس ماوەیەک لە بەغدا بوم، لەو ماوەیەدا زۆر جار دەچومەوە لای کاک شەهاب و لە ڕێکوپێککردنی کتێبە فارسییەکاندا یارمەتیم دەدا" (قازی، ٢٠٢٠: ٣٣٣). بەم چەشنە دەردەکەوێ سازمانی ئینقلابی لەگەڵ ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکانی سلێمانی، بەغدا و کادر و پێشمەرگەکانی بەکرەجۆ پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و دۆستانەیان پێکهێناوە و لەم ڕێگەیەوە بەهۆی بە ئەزمون بون و شارەزاییان لە تیۆرییە سیاسییەکان دەتوانن لە ڕوی فکری و ئایدۆلۆژیاوە کاریگەرییان بەسەریانەوە هەبێت و لە ئاکامدا هاوتەریب لەگەڵ زاڵبونی گوتاری ڕادیکاڵیزم و شۆڕش لە ئاستی جیهانی و ناوچە و لەدایکبونی ڕەوتێکی چەپی نوێی جیهانی، لە کوردستانیش ڕەوتێکی چەپی نوێ (ماویزم) لەدایکدەبێت. ئەمە ڕاستییەکە کە کاراکتەرە سەرەکییەکانی کوردی ئەم ڕەوتە دانی پێدا دەنێن. تاڵەبانی، کە کادیرەکانی سازمانی ئینقلابی بە یارمەتیی ئەو هاتنە کوردستان، دەڵێت: "ئەم گروپە کاریگەریی فکریی زۆریان لەسەر ئێمە هەبو دەربارەی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ماوتسیتۆنگ" (ڕەشید، ٢٠١٧: ٣٨٧). نەوشیروان مستەفا، کە ساڵانێکی زۆر کەسی یەکەمی کۆمەڵە بو، پێیوایە: "بیروباوەڕی ماوتسیتۆنگ لە کوردستانی عێراقدا تاقمێک لە کادیرەکانی "سازمانی ئینقلابی حیزبی تودەی ئێران لە دەرەوەی وڵات"، کە ئەوسا لە کوردستان بون، بڵاویانکردەوە، ئێمەمانان و دواییتر کۆمەڵە لەژێر تەئسیری ئەوانەدا ئەم بیروباوەڕانەیان وەرگرتبو" (ئەمین، بێ ساڵی چاپ: ٣٥٩).

فەرەیدون عەبدولقادر لە دەستەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵە، دەڵێت: " ئەو دەستە شۆڕشگێڕەی سازمانی ئینقلابیی حیزبی تودەی ئێران لەسەر هەمومان بەگشتی و لەسەر من بەتایبەتی کاریگەریی زۆریان دانا. ئەو تێکۆشەرانە، کەسانی خوێندەوار و پڕ زانیاری و شارەزا بون، کەسانی خاوەن بەهرە و بەتوانا بون، ئێمە ئەو کاتە شارەزایی و زانیارییەکی کەممان لەسەر مارکسیزم-لینینیزم هەبو، ئەوان لەچاو ئێمە دەریایەک زانیارییان هەبو" (عەبدولقادر، ٢٠١٧: ٨٣). تەنانەت برایم جەلال لە ئەندامە سەرەتاییەکانی کۆمەڵە پێیوایە: "دکتۆر جەلال (کوروش لاشایی) پەیوەندییەکی توندی لەگەڵ جەلال تاڵەبانیدا هەبو، توانی کاریگەریی لەسەر هەبێت و بە جەلال تاڵەبانی بسەلمێنێ، کە خوارووی کوردستان پێویستی بە ڕێکخراوێکی چەپی مارکسی-لینینی هەیە، کە مۆتۆربە کرابێ بە بیروڕای ماوتسیتۆنگ" (جەلال، ٢٠١٢: ١٦). دواجار شوێنەوار و بەرهەمی لەدایکبونی ڕەوتی چەپی نوێ (ماویزم) بو بە پرۆژەی بونیادنانی ڕێکخراوێکی چەپ لە باشوری کوردستان و لە ١٩٧٠/٠٦/١٠ "کۆمەڵەی مارکسی-لینینی و فکری ماوتسیتۆنگ" دامەزرا، کە خاڵی وەرچەرخانێکی گرنگ بو لە ڕەوتی مێژوی چەپ لە باشوری کوردستان، کە مۆرک و نیشانی خۆی لەسەر ڕوداوە سیاسییەکانی ئەم بەشەی کوردستان لە چارەگی کۆتاییی سەدەی ڕابردو دانا.

## ٤. ئەنجام

١. گوتاری شۆڕشگێڕی و ڕادیکاڵیزم لە دەیەی شەستی سەدەی ڕابردو، بەسەر کەشوهەوای سیاسیی زۆر لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا زاڵبو، کە بۆ سەربەخۆیی و لە ڕۆژاوا بۆ پەرەسەندنی دیموکراسی پتر و ئازادیی فرەڕەهەند لە خەباتێکی توندوتیژدابون.

٢. کەرتبونی کامپی سۆسیالیستی بەسەر دو جەمسەری یەکێتی سۆڤییەتی و چیندا، بو بەهۆی پێکهاتنی دابڕان لە زۆربەی حیزبە کۆمۆنیستەکانی جیهان. لایەنگرانی بیروبۆچونی ماوتسیتۆنگ ڕیزی خۆیان لە حیزبەکانی پرۆسۆڤییەت جیا کردەوە.

٣. گەنجە ڕادیکاڵەکانی لایەنگری حیزبی تودەی ئێران لە ئەوروپا لەژێر کاریگەریی کەرتبونی کامپی سۆسیالیستی و نارازای لە ڕێبەریی پرۆسۆڤییەتی و پاسیڤیی ئەو حیزبە، ڕیزی خۆیان جیا کردەوە و لەدایکبونی سازمانی ئینقلابیی حیزبی تودەیان ڕاگەیاند.

٤. کادیرەکانی سازمانی ئینقلابی دەگەڕێنەوە کوردستان، تا بەشداری لە ڕاپەڕینی چەکدارانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن، کە بەهۆی کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەرپا بووە، تا لەم ڕێگەوە پەل باوێن بۆ شوێنەکانی تری ئێران.

٥. بە تێکشکانی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سازمانی ئینقلابی لە باشوری کوردستان جێگیر دەبن و لەگەڵ لایەنگرانی بیری چەپی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی و ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکانی سلێمانی و بەغدا پەیوەندیکی پتەوی فکری و دۆستانە پێکدێنن.

٦. شارەزایی کادیرەکانی سازمانی ئینقلابی لە چەمک و تیۆرییەکانی مارکسی-لینینی و بیری ماوتسیتۆنگ، شوێنەواری قوڵ لەسەر خەملاندنی بیرکردنەوەی ئەو گەنج و خوێندکارانە دادەنێت، کە لە دەوری ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکان کۆبونەوە و سۆزیان بۆ بیری چەپ هەیە، کە دواجار بو بە پرۆژەی بونیادنانی ڕێکخراوێکی مارکسی-لینینی، بیری ماویزمی.

٧. لەژێر کاریگەریی فکریی سازمانی ئینقلابی و کەرتبونی کامپی سۆسیالیستی ڕەوتێکی چەپی نوێ لە باشوری کوردستان لەدایک دەبێت، کە دواجار ڕێکخراوێکی مارکسی-لینینی، بیری ماوتسیتۆنگی لێ، کەوتەوە.

## ٥. سەرچاوەکان


بازیار، سمایل، ٢٠٢٠، کاریگەریی بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک نمونە ١٩٤٥- ١٩٩١)، هەولێر.

بدل، سعید (صادق شرفکندی)، مهرماه ١٣٥٩، استراتژی و تاکتیک جنگهای چریکی، کمیسیون انتشارات و تبلیغات حزب دمکرات کردستان ایران.

بهروز، مازیار، ١٣٨٠، شورشیان آرمانخواه (ناکامی چپ در ایران)، چاپ اول، تهران.

پیترۆزا، دەیڤید، ٢٠٠٩، شۆڕشی کولتووری لە چین، وەرگێڕ: هەژار ڕەحیمی، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

ترابیشی، جۆرج و ئەوانی تر، ٢٠١٠، شۆڕشی خوێندکارانی ٦٨، وەرگێڕ: شوان ئەحمەد، هەولێر.

تیشک، جۆزەردانی ١٣٨٦، گۆڤاری سیاسی-ڕۆشنبیریی گشتیی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە و فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ژمارەی ١٩.

جزنی، بیژن، ١٣٥٧، طرح جامعەشناسی و مبانی استراتژی جنبش انقلابی خلق ایران، بخش دوم تاریخ سی سالە سیاسی، انتشارات مازیار.

جەلال، برایم، ٢٠١٢، چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە، چاپی دووهەم.

حیسامی، کەریم، ١٩٧١، کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران.

حیسامی، کەریم، ١٩٩٠، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی سێهەم ١٩٦٥- ١٩٧٠، ستۆکهۆڵم، چاپخانەی شیلان.

حەسەنزادە، عەبدوڵڵا، ١٩٩٧، نیو سەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم، بڵاوکراوەی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حدکا.

حەمەدئەمین، ئەحمەد، ٢٠٢٠، بیبلیۆگرافیای گۆڤاری ڕزگاری (٢٠ی نیسانی ١٩٦٩- ٢٧ی مارتی ١٩٧٠)، چاپی یەکەم، هەولێر.

ڕزگاری، ١٤ی شوباتی ١٩٧٠، گۆڤاری هەفتانەی گشتی، ژمارەی ١٣.

ڕزگاری، ١٤ی کانوونی دووهەمی ١٩٧٠، گۆڤاری هەفتانەی گشتی، ژمارەی ١١.

ڕزگاری، ١٨ی ئایاری ١٩٦٩، گۆڤاری هەفتانەی گشتی، ژمارەی ٤.

ڕزگاری، ٢٠ی نیسانی ١٩٦٩، گۆڤاری هەفتانەی گشتی، ژمارەی ١.

ڕزگاری، ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩، گۆڤاری هەفتانەی گشتی، ژمارەی ٩.

ڕزگاری، ٢١ی ئەیلوولی ١٩٦٩، گۆڤاری هەفتانەی گشتی، ژمارەی ٧.

ڕزگاری، ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٦٩، گۆڤاری هەفتانەی گشتی، ژمارەی ٥.

ڕزگاری، ٢٧ی تەمووزی ١٩٦٩، گۆڤاری هەفتانەی گشتی، ژمارەی ٦.

ڕزگاری، ٢٧ی مارتی ١٩٧٠، گۆڤاری هەفتانەی گشتی، ژمارەی ١٤- ١٥.

ڕزگاری، ٢٧ی نیسانی ١٩٦٩، گۆڤاری هەفتانەی گشتی، ژمارەی ٢.

ڕزگاری، ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩، گۆڤاری هەفتانەی گشتی، ژمارەی ١٠.

ڕزگاری، ٤ی ئایاری ١٩٦٩، گۆڤاری هەفتانەی گشتی، ژمارەی ٣.

ڕزگاری، ٧ی شوباتی ١٩٧٠، گۆڤاری هەفتانەی گشتی، ژمارەی ١٢.

ڕزگاری، ٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩، گۆڤاری هەفتانەی گشتی، ژمارەی ٨.

ڕەشید، سەلاح، ٢٠١٧، دیداری تەمەن (لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری)، چاپی سێهەم.

ستارە سرخ، ١٣٥٧، ارگان تئوری-سیاسی سازمان انقلابی حیزب تودە، دورەی سوم، شمارە ١.

سەردەشتی، یاسین، ٢٠٢٠، خوێندنەوەیەکی مێژوویی جووڵانەوە چەکدارییەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران لە ساڵانی ١٩٦٧- ١٩٦٨، سلێمانی.

شوکت، حمید، ١٣٦٨، نگاهی از درون بە جنبش چپ در ایران (گفتگو با مهدی خانبابا تهرانی)، چاپ اول.

شوکت، حمید، ١٣٨٠، نگاهی از درون بە جنبش چپ در ایران (گفتگو با ایرج کشکولی)، چاپ اول.

شوکت، حمید، ١٣٨١، نگاهی از درون بە جنبش چپ در ایران (گفتگو با کوروش لاشایی)، چاپ اول.

شوکت، حمید، ١٣٨٦، نگاهی از درون بە جنبش چپ در ایران (گفتگو با محسن رضوانی)، چاپ اول.

طبری، احسان، ١٣٦٦، کژراهە (خاطراتی از تاریخ حزب تودە)، چاپ اول.

علی‌بابایی، غلامرضا، ١٣٦٩، فرهنگ علوم سیاسی، چاپ دوم، تهران.

عوسمان، نەرمین، ٢٠٢٠، لەبەر تریفەی مانگ خەونەکانی نیشتمانمان دەچنی، چاپی یەکەم.

عەبدولا، ئەردەڵان، ٢٠١٠، چین زلهێزی نوێی جیهان (لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی، مێژوویی، ئابووری و سۆسیۆلۆجییە)، هەولێر.

عەبدولقادر، فەرەیدوون، ٢٠١٧، هەڵۆ سوورەکانی قەندیل، چاپی یەکەم، سلێمانی.

غفاری‌فرد، عباسقلی، ١٣٩٠، تاریخ اروپا (از آغاز تا پایان قرن بیستم)، چاپ سوم، تهران.

فوران، جان، ١٣٨٠، مقاومت شکنندە، تاریخ تحولات اجتماعی ایران (از صفویە تا سال‌های پس از انقلاب اسلامی)، ترجمە: احمد تدین، چاپ سوم.

فونتن، آندرە، ١٣٦٦، تاریخ جنگ سرد، جلد دوم، ترجمە: عبدالرضا هوشنگ مهدوی، تهران.

قازی، حەسەن، ٢٠٢٠، سازمانی ئینقلابی و کوردستان، چاپی یەکەم.

کاوە، سەعید، ١٩٩٦، ئاوڕێک لە بەسەرهاتی خۆم و ڕووداوەکانی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ب، چ.

کوچرا، کریس، ١٣٧٣، جنبش ملی کرد، ترجمە: ابراهیم یونسی، تهران.

کیانوری، نورالدین، ١٣٧١، خاطرات نورالدین کیانوری، موسسە تحقیقاتی و انتشاراتی دیدگاە، تهران.

کەریم، حیکمەت محەممەد (مەلا بەختیار)، ١٩٩٣، شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی سەردەم، سوید.

لیندرۆزێنبێرگ، ڕۆزا، ٢٠٠٩، مێژووی سەدەی بیستەم، زانکۆی کۆلۆمبیا، و: مەسعوود ڕەواندووست، دهۆک.

ماتیل، الکساندر، ١٣٨٣، دایرةالمعارف ناسیونالیسم، جلد سوم، مترجمان: کامران فانی – نوراللە مرادی، تهران.

ماسالی، حسن، ٢٠٠٢، سیر تحول جنبش چپ ایران و عوامل بحران مداوم آن، چاپ دوم.

میلانی، عباس، ٢٠١٣، نگاهی بە شاە، ناشر: پرشین سیرکل.

مەلا بەختیار، ٢٠٢٠، لەبری بیرەوەری (خوێندنەوەیەکی جیاواز)، تاران.

نستانی، ئەحمەد، ٢٢ی نیسانی ٢٠٢٢، کۆیە.

هابسبام، اریک، ١٣٨٣، عصر نهایت‌ها (تاریخ جهان ١٩١٤- ١٩٩١)، ترجمە: حسن مرتضوی، چاپ دوم.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا، بێ‌شوێن و ساڵی چاپ، لە کەناری دانووبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ (دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٥- ١٩٧٨).

---

[1] چەپی نوێ: زاراوەیەکی گشتگیرە، کە ئاڵنگاری جۆراوجۆری هەیە بە نیسبەت بنەمای عەقیدەتی، شێوازە ڕێکخراوەییەکان و میتۆدەکانی ڕێبەریی چەپی کۆن. چەپی نوێ لە ئاکامی کۆتاییهاتنی ڕێبەریی سۆڤییەت بەسەر جووڵانەوەی نێونەتەوەیی کۆمۆنیزمدا پێک هات، لە ڕەوتی "ستالینسڕینەوە"، کە لە کۆنگرەی بیستەمی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤییەتی لە ساڵی ١٩٥٦ دەستی پێکرد، ڕاپەڕینەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و وەڵامی سۆڤییەت پێیان و

ڕەنگدانەوەی ئەو وەڵامانە لە ناوخۆی حیزبە کۆمۆنیستەکان و کێشەکانی حیزبەکانی ترۆتسکیستی و ماویزمی بۆ لێپرسینەوە لە ئایدۆلۆژیی سۆڤییەت، نیشانەکانی هەرەسهێنانی ڕێبەریی سۆڤییەت بوون، شۆڕشی ١٩٥٩ی کووبا و خەباتی دژی کۆلۆنیالیزم لە ئەفریقا، ئاسیا و ئەمریکای لاتین بۆ کەسانێک دەرخەری ئەوە بوو، کە ستراتیژیی جیاواز بۆ شۆڕش هەیە و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی تریش بێجگە لە پرۆلیتاریای پیشەسازی، دەتوانن ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە پێک بێنن (مطهرنیا، ١٣٧٨: ژمارە ٧٨) ؛ (ensani.ir/article/1072).

[2]. بزووتنەوەی ڕەشپێستەکان بۆ مافی مەدەنییەکان لە ئەمریکا: لە ئاکامی پەسندکرانی زنجیرە یاسایەک و بڕیارەکانی دیوانی بەرزی وڵاتی ئەمریکا لە بارەی مافی ڕەشپێستەکان و دژایەتیی سپیپێستەکانی هێندێک ویلایەتەکان لەگەڵ بەڕێوەبەرانیان؛ ڕەشپێستەکان زنجیرە خەباتێکیان دەست پێکرد. لە سەرەتادا خەباتەکە بە ڕێبەریی مارتین لوتێرکینگ (١٩٣٩-١٩٦٨) لایەنی هێمنانەی هەبوو، بەڵام دواتر ڕەنگی توندوتیژیی بەخۆوە گرت (لیندرۆزینبێرگ، ٢٠٠٩: ١٧٦).

[3]. ڕیڤیژیۆنیزم: لە ئەدەبیاتی کۆمۆنیستەکاندا بریتییە لە ڕەوتێک لە بزاڤی کرێکاری، کە پێداچوونەوەی لە بنەما سەرەکییەکانی مارکسیزمدا کردووە، ئەو بنەمایانە ڕەد دەکاتەوە و بەلاڕێیاندا دەبا. حیزبە کۆمۆنیستەکانی چین و ئالبانی، یەکیەتیی سۆڤییەتیان بە پێداچوونە لە بنەماکانی مارکسیزم تاوانبار دەکرد (بابایی، ١٣٦٩: ٣٥٤).

[4]. ماویزم: ئەو زاراوەیە ڕوانگە و بیرکانی ماوتسیتۆنگ (١٨٩٣- ١٩٧٦)، ڕێبەری شۆڕشی کۆمۆنیستیی چین لەخۆ دەگرێت، کە بەکورتی بریتی بوو لە: گواستنەوەی ناوەندی خەبات لە شارەوە بۆ گوند و لەبری چینی کرێکار گرینگی بە چینی جووتیار دەدرێت و ئەوان دەبنە هێزی سەرەکیی شۆڕش، کە ئەمانە بەپێچەوانەی بۆچوونەکانی مارکس و لینین بوون. تێکەڵاو کردنی شۆڕشی نەتەوەیی و کرێکاری، ڕزگارکردنی گەلانی ژێردەستەی کۆلۆنیالیزم لە ڕێگەی خەباتی پارتیزانی بە پشتیوانیی جووتیاران، گەمارۆدانی شارەکان لە ڕێی گوندەکانەوە، ئیمپریالیزم شێرە بەفرینەیە و هەربۆیە دژی سیاسەتی پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانەی خرۆشچێف و خوازیاری شۆڕشی بەردەوام لە سەرانسەری جیهان لەدژی پێگەکانی ئیمپریالیزم بوو (بابایی، ١٣٦٩: ٩٨ ؛ عەبدوڵا، ٢٠١٠: ١٢٩).

[5]. ئەم پێوەندییە دەبێ لە ڕێگەی نامەوە بووبێ، چونکی "کەریمی حیسامی"یش ئەم نامە گۆڕینەوەی لە ئەورووپاوە لەگەڵ سمایلی شەریفزادە هەبووە و هەروەک بۆخۆی دەڵێت: "لە پۆستخانەی قەڵادزێ برادەرێکی نیشتمانپەروەر هەبوو نامەکانی بە ئەمانەتەوە بەڕێ دەکرد" (حیسامی، ١٩٩٠: ٦١). هەروەها "محەممەد موهتەدی"یش، کە لە کۆماری چێکۆسلۆڤاکیا دەژیا، لەگەڵ شەریفزادە نامە گۆڕینەوەیان هەبووە. موهتەدی دەڵێت: "سمکۆ و من نامەمان بۆ یەکتر دەنووسی، من لە پراگ و ئەو لە قەڵادزێ، نامەم دەنارد بۆ دووکانێک" (قازی، ٢٠٢٠: ٣٦٣).

[6]. سەلاحەددینی شەمسی بورهان: لە ئاوایی کۆلیجە لە ناوچەی مەهاباد لەدایک بووە، دوای تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی بۆ درێژەپێدانی خوێندن چووەتە ئەورووپا. لە کۆنفێدراسیۆنی خوێندکارانی ئێرانی لە ئەورووپا چالاک بووە و لە ڕێبەرانی "یەکیەتیی کۆمۆنیستەکان" بووە، کە ڕێکخراوێکی چەپی ماویزمی بوو. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩ لە کوردستان، ڕێکخراوی پێشمەرگەی زەحمەتکێشان دادەمەزرێنێ. لە تەمموزی ١٩٨٠ بە شێوازێکی گوماناوی لە مەهاباد تیرۆر دەکرێ (www.cpimlm.org).

[7]. ئەم کەسانە بریتی بوون لە: کوروش لاشایی، خەسرەو سەفایی، ئیرەج کەشکوڵی، عەتا کەشکوڵی، عەلی سادقی، سیاوەش پارسانژاد، موحسین خاتەمی و سیامەک موئەییەدزادە و چەند کەسی تر. (شوکت/ کشکولی، ١٣٨٠: ١١٩). شایانی باسە ئەم کەسانە لە وڵاتانی ئەمریکا، ئیتالیا و ئاڵمانیاوە هاتبوون، دوو کەسیان پزیشک و چەند کەسی تریان خوێندنی باڵایان لە بواری جۆراوجۆر لە ئەورووپا تەواو کردبوو (شوکت، ١٣٨٦: ٢٠٣).

[8]. قادر شەریف: هاشم فەقێساڵحی ناسراو بە قادر شەریف خەڵکی مەهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، لەپاش کۆدەتای ١٩٥٣ لە ئێران، چووەتە ناو کۆڕی خەباتی نهێنی و بۆتە کادرێکی هەڵسووڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ ژمارەیەک لە کادرەکان، کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک دێنێت. لە بەکرەجۆ بەرپرسی یەکەمی پێشمەرگە ڕۆژهەڵاتییەکان بووە. لە ڕێکەوتی ٥ی تەشرینی یەکەمی ١٩٦٩ بەهۆی پیلانی "ساواک"، دەزگای ئەمنیی ڕژێمی ئێران لە سلێمانی تیرۆر دەکرێت (حیسامی، ١٩٧١: ١١١- ١١٣).

[9]. کاوە مەرەغانی: مەلا حسێن ناسراو بە کاوە خەڵکی گوندی ماراغان لە ناوچەی سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بەهۆی تێکۆشانی سیاسی پەڕیوەی باشووری کوردستان دەبێت. بەرپرسی دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی کۆمیتەی ئینقلابی بووە، کە لەپاش تێکشکانی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ١٩٦٧- ١٩٦٨ پەنایان بۆ باشووری کوردستان بردبوو و لە بەکرەجۆ نیشتەجێ بوون. لە مارسی ١٩٧٠ بەهۆی پیلانی "ساواک" دەزگای ئەمنیی ڕژێمی ئێران لە قەڵادزێ تیرۆر دەکرێت (حیسامی، ١٩٧١: ١١٣- ١١٤).

[10]. بڕوانە: ژمارەکانی ١، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧ و ٨ی گۆڤاری ڕزگاری.

[11]. بڕوانە: ژمارەکانی ٢، ٩، ١٠ و ١٣ی گۆڤاری ڕزگاری.

[12]. خەسرەو سەفایی: بە دکتۆر قوباد بەناوبانگ بوو، دواتر لە ئێران لە کاتێکدا، کە لە ژیانی نهێنیدا بوو، بەهۆی ساواکەوە دەسبەسەر دەکرێت و لە ساڵی ١٩٧٦ لەژێر ئەشکەنجەدا دەکوژرێت. تاڵەبانی لە خۆشەویستیی بۆ خەسرەو سەفایی ناوی کوڕەکەی دەنێ قوباد (شوکت/ رضوانی، ١٣٨٦: ٢٨٣).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v5n2y2022.pp90-99